
# ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و کۆڵانەکانی پیرەمەگروون پێویستی بەچارەسەرکردنە

- پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی پێویستە
- یاریگاو پارک و باخچەی تێدا نییە
- بۆ ٥٠٠٠ منداڵ یەک باخچەی یاریکردن نییە





**شارۆچکەی پیرەمەگروون کە لەساڵی (١٩٨٨) لە ئەنجامی ڕووخاندن و ڕاگواستنەوەی خەڵکی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و سورداش دروستکراوە، یەکێکە لەو ناحیە گەورانەی زیاتر لە (٣٥) هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیەو (٤٥) گوند لە سنوورەکەیدایە، سنووری پیرەمەگروون جگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، هەروەها ناوچەیەکی شاخاوییە، دیمەنی جوان و شوێنی گەشتیاری و شوێنەواری هەیە. هاووڵاتیانی ئەم شارۆچکەیە لەبواری پرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا داوای ئاوڕلێدانەوەی زیاتری حکومەتن، تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەردانی شارۆچکەی پیرەمەگroonی کردو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند، ئەو هاووڵاتیانە ئاماژەیان بە خراپی ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و کۆڵانەکانیان کردو گلەییەکی زۆریان لە کارە خزمەتگوزاریەکان هەبوو، بەتایبەتی لە کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵوخاشاک. داواکاری و ڕەخنەکانی هاووڵاتیانمان ئاڕاستەی بەڕێوەبەری ناحیەکە کردوو بەڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە. لێرەدا لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا گلەیی هاووڵاتیان و وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون دەخەینەڕوو.**

## هاووڵاتیان لە گرفتی ئاوو ئاوەڕۆو شەقامەکان بێزاربوون

سەرەتا لەسەنتەری ناحیەی پیرەمەگروون ژمارەیەك لەهاووڵاتیان ڕەخنەو گلەییان لەکەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کردوو ئاماژەیان بەهەردوو گرفتی ئاویخواردنەوەو بێسەروبەری کۆڵان و شەقامەکانیان دا بەتایبەتی لە کەرتی (٦و٧و٨و گەڕەکی پێشەواو شەهیدان..)، لەمبارەیەوە هاووڵاتی ساڵح تەلانی وتی:( ماڵەکەمان ٣ ساڵە ئاویخواردنەوەی بۆ نەهاتووەو بۆ دابینکردنی ئاو پشتمان بەبیری سوری بەستووە، ئەگەر ئەو بیرانەی ئاویخواردنەوە نەبێت کە زۆربەی هاووڵاتیان لەناو حەوشی ماڵەکانیاندا لێیانداوە دەبووایە خەڵکی ئەم ناحیەیە لەبەر بێئاوی چۆڵیان بکردایە)، هەر سەبارەت بەم گرفتە هاووڵاتی مەولود یاخیان وتی:(چەند ساڵێك لەمەوبەر پرۆژەی ئاویخواردنەوەمان بۆ ئەنجامدرا، بەڵام پرۆژەکە کەموکوڕی هەبوو هاوکات بەشێك لەماڵەکان ئاویان بۆ نەدەهات و هەر زوو بۆرییەکانیان شکا، لەسەر ئەم کەموکوڕی و شکست و بەفیڕۆدانی داهات و پارەیەدا هیچ بەڵێندەرو ئەندازیارێك سزا نەدران، ئێستا دووبارە دەستیان کردۆتەوە بەپرۆژەیەکی ئاویخواردنەوە، بەشکو ئەمجارە پێش هاتنی وەرزی هاوین چارەسەری یەکجارەکی ئاویخواردنەوەی پیرەمەگروون بکرێت..)

هاووڵاتی مەحمود عەلی ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی ڕابردووەوە ئاویخواردنەوە بۆ ماڵەکەیان نەهاتۆتەوەو بۆ دابینکردنی ئاویش پشتیان بەماڵی دراوسێیەکیان بەستووە. هاووڵاتی عوسمان عەزیز باسی لەو مەترسیانە کرد کەڕەنگە ڕووبەڕووی هاووڵاتیان بێتەوە ئەویش بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخۆشیە چونکە زۆربەی ناحیەکەش ئاوەڕۆی نییەو ئەگەری تێکەڵبوونی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆ زۆرە. سەبارەت بەخراپی ڕێگاوبانەکانیش لەگەڕەکی پێشەوا حاجی محەمەد وتی(زۆربەی کۆڵان و شەقامەکانمان قیرتاوو کۆنکرێت نەکراون لەوەرزی زستاندا بارودۆخمان زۆر خراپە، داواکارین لە حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ هەڵمەتێکی قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکانی سەنتەری ناحیەکەو ڕێگاوبانی گوندەکان ئەنجام بدەن). هاووڵاتی بەکر محەمەد باسی لەخراپی محاویلەکان کردو داوای کرد کە هەوڵی گۆڕینی ژمارەیەك لەمحاویلەکان بدرێت، چونکە ئەم محاویلانە کۆن بوون و بەبەردەوام تێك دەچن، هەروەها کرێکارەکانی کارەبا زۆر ماندوون و ئامێرو پێداویستی چاککردنەوەی کارەبایان نییە، هەر بۆیە پێویستە مشوری کرێکاری زیاتر بخورێت، هاووڵاتی سدیق مستەفاش لەگەڕەکی پێشەوا داوای دروستکردنی پارك و شوێنی پشوو حەوانەوەی هاووڵاتییان کرد بەڕادەیەك وای لێهاتووە لە ڕۆژانی جەژن و پشوودا شوێنێك نییە هاووڵاتیانی ناحیەکە سوودی لێوەربگرن. هەر لەهەمان گەڕەك هاووڵاتی ئەکرەم عەلی وتی (پێویستە لەم کابینەیەدا حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بەو ناحیەو شارۆچکانە بدات کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆرەو لەخزمەتگوزارییەکان پشتگوێخراون، ئەوەتا تا ئێستا لەبواری ئاویخواردنەوەو قیرتاوکردنی شەقام و ڕێگاوبانەکان بێسەروبەرییەکی زۆر بە پیرەمەگروونەوە دیارە، لەلایەکی تریشەوە پێویستە یەکە ئیدارییەکانیش لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکان ڕەچاوی دادپەروەری لەنێوان هەموو کۆڵان و شەقامەکان بێ جیاوازی بکەن). سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵیش هاووڵاتییەك بەناوی ئیسماعیل حوسێن باسی لەکەموکوڕی کەرتی کشتوکاڵ کردو وتی( حکومەتی هەرێم لە کات و بەرواری خۆیدا تۆو دەرمان و پێداویستیە کشتوکاڵیەکانی تر دابین ناکات، ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دەرمانی بۆ ڕەزی مێوو میوەجاتەکانی تر دابین نەکردووە..) ئەم هاووڵاتییە پێی وایە فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ وایکردووە زۆر لەجوتیارەکان بەماڵەوە بەرەو ناحیەو قەزاو شارەکان کۆچ بکەن و گوندەکانمان دووبارە لەبەردەم ئەگەری چۆڵبووندان) لەبواری گەنجانیشدا هاووڵاتی بێستوون غەنی وتی(ناحیەکەمان یاریگاو پارك و باخچەو شوێنی گەنجانی تێدا نییە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یاریگاو باخچەو شوێنی یاری بۆ منداڵان و گەنجان بکاتەوە ). لەگەڕەکی کۆسرەتیش هاووڵاتی ئاوات عومەر وتی(پێویستمان بەخاوێنکردنەوەی کۆڵان و شەقامەکان هەیە بەتایبەتی پێویستە

بەڕێوەبەری شارۆچکەی پیرەمەگروون (بۆ گوڵان):

# ٢٠ ساڵە نەمانتوانیوە کێشەی ئاوی خواردنەوە بەتەواوەتی چارەسەر بکەین



شـــارەوانی خەمێك لە دوورخســـتنەوەی فڕێدانی ئەو زبڵ و خاشـــاکە بخوات کە لەســـەر ئەم ڕێگا ســـەرەکییە فڕێدراوەو لەشـــار دوور نەخراوەتـــەوە). لەگەڕەکی ٤٠٤ی شـــەهیدان برایم محەمەد باسی لەنەبوونـــی خزمەتگـــوزاری کردوو وتی (لەپرۆژەکانی ئاوەڕۆ زۆر بێســـەروبەرین و پێویستە حکومەتی هەرێم پێش هەموو پرۆژەیەك خەمی چارەسەرکردنی گرفتی ئاوەڕۆ بخـــوات، چونکە هـــەر قیرتاوو کۆنکرێت کردنێکی شـــەقام و شۆستەکان بێ ئەنجامدانـــی پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆ و راکێشـــانی کارەبـــا بێســـوود دەبێت و دوای ماوەیەکـــی تر دووبـــارە هەمووی تێکدەدرێتەوە).

هەر لەگەڕەکی شەهیدان عوسمان عەزیز وتـــی: بەناچاری دەبێت مـــاوە ماوە ئەو هەموو زبڵوخاشاکەی کە لەگەڕەکەکەماندا کۆدەبێتـــەوە بیســـووتێنین، چونکە بۆن و بەرامێکی زۆر بڵاودەبێتەوەو هەراســـانی کردویـــن و گەڕەکەکەمانـــی زۆر پیس کردووە، بەتایبەتی ئێستا لەوەرزی گەرمادا مێشوو مەگەزێکی زۆری لێکەوتۆتەوەو ئەمەش مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لێدەکرێت.

**ڕەخنەو داواکاری خەڵکی و ئەو پرۆژانەی کـــە پێویســـتە لەریزبەنـــدی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دابنرێت؛ ئاڕاستەی (عەدنان کاکەڕەش) بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروونمان کردەوە.**

### گرفتی ئاویخواردنەوە

ســـەبارەت بەگرفتـــی ئاویخواردنـــەوەو چۆنیەتی چارەســـەرکردنی بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: زیاتر لە ٢٠ ساڵە نەمانتوانیوە کێشەی ئاویخواردنەوەی

> **لەماڵەکان بیرەکانی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆ تێکەڵ بەیەك بووەو مەترسی کەوتنەوەی نەخۆشی لێدەکرێت**

سەنتەری پیرەمەگروون بەتەواوەتی چارەسەر بکەین، واتە گرفتی ئاویخواردنەوەی زیاتر لە ٣٥ هەزار کەس بێ چارەسەر ماوەتەوە، پێش یەکگرتنـــەوەی کابینەی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان پرۆژەیەکی ئاوی ستراتیژی بۆ ناحیەی پیرەمەگروون خرایە ژێر جێبەجێکردن و چەند قۆناغێکیشـــی بڕی، بـــەڵام لەبەر بوونـــی کەموکوڕی هونـــەری و کەم ئەزموونـــی و هەندێك کێشەی تر ئەوکات ئەو پڕۆژەیە سەرکەوتوو نەبوو، لەماوەی رابردوو پرۆژەیەکی نوێی ئاویخواردنەوە دەســـتی پێکردووەو ئێستا قۆناغـــی باشـــی بڕیـــوە، بەتەواوبوونی ئەم پرۆژەیـــەو بەنۆژەنکردنەوەی تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوەی گەڕەکەکان کێشەکە بە ڕێژەی ٩٥٪ چارەسەر دەبێت. ئـــەو پرۆژەیـــەی کە ئێســـتا لەقۆناغی جێبەجێکردندایە بڕی ٦ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە .

### بێسەروبەری کۆڵان و شەقامەکان

ســـەبارەت بەکێشـــەی قیرتاونەکـــردن و کۆنکرێت نەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو ســـەنتەرو گەڕەکەکانی پیرەمەگروون عەدنان کاکـــە ڕەش وتـــی: یەکێك لەو گرفتـــە ســـەرەکییانەی کـــە زۆر زەق بۆتـــەوەو بووەتـــە هـــۆی بێـــزار بوونی هاووڵاتیان و گلەیـــی و رەخنەی زۆری لەســـەرە بریتیە لە بێسەروبەری کۆڵان و شەقامەکانی ناحیەکە، ئێمە وەکو لایەنی بەرپرســـی یەکەی ئیدارە پرۆژەی قیرتاو و کۆنکرێتکردنـــی شـــەقام و شۆســـتەو ئاوەڕۆی ناحیەکـــە بەریزبەندی یەکەمی پرۆژەو پێویســـتیەکانی ناحیەکە دادەنێین، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردســـتانیش دەکەین ڕەچاوی ئەم پێداویستییانە بکەن و بەزووتریـــن کات بۆمانـــی جێبەجـــێ بکەن. بۆیـــە منیش لێرەدا پشـــتگیری لەداواکارییەکانی خەڵکی دەکەم کە مافی خۆیانـــە ئەو داواکاری و ڕەخنانە بگرن و پێویستیشە بۆیان جێبەجێ بکرێت .

> **هاووڵاتیان گلەییەکی زۆریان لە کارە خزمەتگوزاریەکانی کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك هەیە**

### ماستەرپلان و گرفتی کوژانەوەی زەوی کشتوکاڵی

لەتەوەرەیەکی تری تایبەت بە ماستەرپلان و گرنگـــی ئـــەم پرۆژەیـــە بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: نەخشەیەکی بنەڕەتی کە وەك ماستەرپلانەو لەشارەوانی پیرەمەگروون هەیە لە ئیشـــوکارەکان و لە فراوانبوونی سنووری شارەوانی کاری پێ دەکەن، بەڵام لەهەندێك کاتیشدا بەتایبەتی لە لایەنی ڕێگاوبان و شـــوێنی پرۆژەکان و فراوانبوونی شار گرفتی زۆرمان دێتە بەردەم بەتایبەتی لـــە کوژانەوەی زەوییە کشـــتوکاڵیەکان لەبەر ئەوەی خاوەن زەوی و جوتیـــارەکان ڕازی نابن بە کوژانەوەی زەوییەکانیان، هەروەها کێشەی تاپۆکردنی خانووەکان هەبوو خۆشبەختانە مامەڵە بۆ

هەموو ئەو خانووە بێ تاپۆیانە کراوەو لەماوەیەکی نزیکدا خانووەکان بەسەر خاوەنەکانیدا تاپۆ دەکرێت، لەلایەنی زێدەڕۆیشەوە ناحیەکەمان بەهاوکاری هاووڵاتیان کەمترین زێدەڕۆیی هەیە بەراورد بەناحیەکانی دەوروبەرو قەزای دوکان .

## کۆمپانیا کەمتەرخەمەکان

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی دارایی و ئیداریی و توانای لێپێچینەوە لەو کۆمپانیا کەمتەرخەمانە کە پرۆژەیەك بەخراپی ئەنجام دەدەن؛ عەدنان کاکەرەش وتی: لەدەسەڵاتماندا نییە هیچ کۆمپانیایەکی کەمتەرخەم لێپێچینەوەو سزای لەگەڵدا ئەنجام بدەین، تەنیا وەکو لایەنی ئیداریی دەتوانین داوا لەسەرووی خۆمان بکەین کە لیژنەیەکی هەڵسەنگاندنی هونەری و ئەندازیاریی دامەزرێنن بۆ ئەو جۆرە پرۆژانەی کە لەکارو ئیشەکانیاندا رازی نەبین یا لەرووی هونەری و زانستیەوە کەموکوڕی هەبێت، ئێمەش زۆر لە وردەکاری زانستی و ئەندازیاریی پرۆژەکان نازانین و شارەزایمان کەمە، چونکە ئەوانەی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانن زیاتر دەرچووی یاسایین و ئەندازیار نین. لەرووی دەسەڵاتی ئیداریی و دارایی ئێمە دەسەڵاتەکانمان بەشێوەیەك نییە بتوانین پرۆژە بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمە هیچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەردەستدا نییە، من لەگەڵ دەسەڵاتی نا مەرکەزیم، هەروەها پێویستە وەکو بودجەی پەرەپێدان بودجەی وەزارەتەکانیش بەپێی ژمارەی

**پرۆژەی قیرتاو و کۆنکرێتکردنی شەقام و شۆستەو ئاوەڕۆی ناحیەکە بەریزبەندی یەکەمی خزمەتگوزاریە پێویستییەکان دادەنرێت**

دانیشتووان بدرێتە قەزاو ناحیەکان نەك وەکو ئێستا بەپێچەوانەوە، هەر بۆیە زۆرجار لەکارو پرۆژەو بودجەدا بەشخوراو دەبین و لەپرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان گرفت و کێشە دروست دەبێت، تەنانەت وەکو یەکەی ئیدارە لەدەستنیشانکردنی پرۆژەکان و ریزبەندی پێداویستیەکان دەسەڵاتمان نییە.

## نەبوونی هەماهەنگی بۆ ریزبەندی پرۆژەکان

سەبارەت بەنەبوونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکاندا بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری و هەماهەنگیان

**شەقام و شۆستەی سەرەکی ناحیەکە دروستکراو لەپاشاندا پرۆژەی رووناککەرەوەمان بۆ دەرچووە، بەمەش دووبارە دەبێت سەرجەم ئەو شەقام و شۆستەیە هەڵبکەنینەوە**

لەنێواندا نییە بگرە کەمترین ئاگاداری یەکترن، هەر بۆ نموونە لەناو وەزارەتی شارەوانی کە چەند لایەنێکی خزمەتگوزاری دەگرێتەوە وەکو ئاوو ئاوەڕۆو دروستکردنی شەقام و قیرتاوکردن و کۆنکرێت کردن ئاگاداری یەکتر نین بەرادەیەك شەقام و شۆستە دروست دەکەن دواتر دێن و بۆ پڕۆژەیەکی ئاوو ئاوەڕۆ، ئەو پرۆژەیەی پێشوو هەڵدەوەشێننەوەو تێکی دەدەنەوە، ئەمە زیانگەیاندنە بەداهاتی گشتی و بووەتە هۆی نارەزایەتی هاووڵاتیانیش، نموونەیەکی روونتر کە لەناحیەی سەنتەری پیرەمەگروون روویداوە شەقام و شۆستەی سەرەکی ناحیەکە دروستکراوە لەپاشان پرۆژەی رووناککەرەوەمان لەلایەن وەزارەتی کارەباوە بۆ دەرچووە، بەمەش دەبێت دووبارە سەرجەم ئەو شەقام و شۆستەیە هەڵبکەنینەوە .

## گرفتی زبڵ و خاشاك

سەبارەت بەپاککردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لەزبڵوخاشاك کە بەیەکێك لەکێشە سەرەکیەکانی ناحیەکە دادەنرێت بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: بەسستەمێکی زۆر کۆن و تەقلیدیی و تەنیا ٢٤ کرێکارو ئەو ئامێرە خراپانە ناتوانین هەموو کۆڵان و شوێنەکان پاك بکەینەوە، ئەمە بەگرفتێکی سەرەکی ناحیەکەمان دادەنرێت، خەڵکی مافی خۆیەتی رەخنە لەشارەوانی بکرێت چونکە کۆنەکردنەوەی زبڵوخاشاك و کەڵەکەبوونی هۆکارێکی ترسناکە بۆ پیسبوونی ژینگەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستمان



## لەماوەیەکی نزیکدا خانووە بێ تاپۆکان بەسەر خاوەنەکانیاندا تاپۆ دەکرێت

بەسستمێکی نوێ هەیە کە جگە لەوەی پاککردنەوەی شار بدرێتە کۆمپانیای پێشکەوتووی تایبەت، هاوکات پێویستیمان بەکارگەیەکی ریسایکلینیش هەیە تاوەکو بەشێوەیەکی سەردەمیانە لەم کێشەیە رزگارمان بێت. لەلایەکی ترەوە لەبواری نەبوونی پارك و باخچە لەناو گەڕەك و سەنتەری ناحیەکەدا کەموکورییەکی زۆرمان هەیە؛ هیچ شوێنێك نییە لەکاتی پشوو بۆنەکاندا خەڵکی رووی تێبکات. تەنیا یەك باخچەی یاری منداڵانیش نییە لەکاتێکدا ٥٠٠٠ منداڵی خۆشەویست لەناحیەکەماندا هەیە .

### فەرامۆشکردنی گەشتوگوزار

سنووری پیرەمەگروون جگە لەوەی کشتوکاڵییە هاوکات سنوورێکی گەشتوگوزارییە کە چەندین شوێنەواری گرنگی تێدایە لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیە وتی: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەماوەی ساڵانی رابردوودا هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری بەتایبەتی لەچەمی ڕێزان کە بنەمای گەشتوگوزارییەکی بەهێزی هەیە ئەنجام نەداوەو هیچ بەرنامەو پلانێکیش نییە بەهەمان شێوە شوێنەوارەکانیشمان نەکراوەتە بنەمایەکی راکێشانی گەشتیارو سەرنجی خەڵك . بەپێویستی دەزانم لەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدا هەوڵبدرێت بودجەیەکی تایبەت بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەناوچەکەدا دابین بکرێت .

### پاڵاوتگەی نەوت لەپیرەمەگروون

سەبارەت بەبوونی پاڵاوتگەی نەوت لەناوچەکەو رۆڵی لەدابینکردنی هەلی کاردا، بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: پاڵاوتگەی نەوت کە لەگوندی قازان لەسنووری ناحیەکەماندایە، زۆرهەوڵمانداوەو قسەمان لەگەڵ لایەنی پێوەندار بەتایبەت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردووە کەپێویستە خەڵکی پیرەمەگروونیش لەم پاڵاوتگەیە دابمەزرێنرێت، ئەمە گەیشتە ئاستێك کە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە لەنێوان ئێمەو وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەدوا ئەنجامدا پێیان راگەیاندین وتیان ئەگەر یەك کرێکار داوا بکەن لەم کارگەیە

## لەدەستنیشانکردنی پرۆژەکان و ڕیزبەندی پێداویستیەکان دەسەڵاتمان نییە

دابمەزرێت دەبێت پرس بەئێمە بکەن و نووسراو بۆ ئەنجومەن دەکەین، ئەمەش رۆتین و کاتێکی زۆری دەوێت، بەمەش کۆت و بەندێکی زۆریان لەبەردەم ئێمە داناو پێیان وتین بەهیچ جۆرێك ئێوە ناتوانن راستەوخۆ داوا لەو پاڵاوتگەیە بکەن تەنانەت بۆ دامەزراندنی یەك کرێکاریش، ئەم قسانەیان بە بەڕێوەبەری ناحیەی خدرانیش راگەیاند، ئەمە لەکاتێکدا خەڵکی ئەنبار لەم پاڵاوتگەیە دامەزراوەو کار دەکات، بەڵام خەڵکی قازان کە لەسەر زەوییەکانیان پاڵاوتگەکە دانراوە نابێت لەوێ دابمەزرێن و کار بکەن، تەنانەت بەرامبەر بەزەوییەکانیشیان کە ئەو پاڵاوتگەیەی لەسەری دامەزراوەو موڵکی باووباپیرانیانە قەرەبوویەکی ڕەمزییان پێدراوە، بەگشتی لەناحیەکەو سنوورەکە نارەزاییەکی زۆر



**لە ساڵانی ڕابردوو هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری لەچەمی ڕێزان ئەنجام نەدراوە**

هەیەو خەڵکی داواکاری و ڕەخنەکانیان ڕووبەڕووی ئێمە دەکەنەوە نەك ڕووبەڕووی وەزیرو وەزارەتەکان. لەلایەکی ترەوە لێرەدا بەپێویستی دەزانم باسی کێشەی زەویوزار بکەم کە وەزارەتە پێوەندارەکانی وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایی و شارەوانی و گەشتوگوزار کە لەسەر زەوییەکانی خۆیان لێپێچینەوە ناکەن و بەوەڵام نایەن. چونکە ئەم زەوییانە چەندین ساڵە لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە دەستی بەسەردا گیراوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئێمە لەڕووی یاساییەوە ناتوانین لێپێچینەوە لەو کارە نایاساییانە بکەین، بەڵام لەڕووی یاساییەوە لەوەزارەتەکان لیژنەی تایبەت هەیە دەکرێت لەوێوە بەرگری لە زەوییەکانی خۆیان بکەن و بەپێی یاسا ڕێگا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

**ئەمساڵ بەشێك لەگرفتەکان چارەسەر دەبێت**

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: ئەمساڵ ٣٥ ملیار دینار لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناو سەنتەری ناحیە تەرخانکراوە، کە بەم بڕە پارەیەش دەتوانین بەشێك لەگرفتەکانمان چارەسەر بکەین، هەروەها وەزیری تەندروستی توانی مەڵبەندی تەندروستیەکانمان بۆ فراوان بکات و ژمارەیەکیش لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی بۆ مەڵبەندەکان دابین کرد، هاوکات بینایەی قوتابخانەیەکی ١٢ پۆلی و ١٨ پۆلی لەژێر جێبەجێکردندایە بە تەواوبوونی ئەم قوتابخانانە کێشەی سێ دەوامی قوتابخانەکانی ناو سەنتەری ناحیەکەمان چارەسەر دەبێت.

**بە سستمێکی زۆر کۆن و تەقلیدی و ٢٤ کرێکارەوە ناتوانین هەموو کۆڵان و شوێنەکان پاك بکەینەوە**

